کوردیی سۆرانی | Kurdish Sorani

نووسینگەی سەرۆکایەتی شارەوانی بۆ کاروباری کۆچبەران | Mayor's Office of Immigrant Affairs

NYC

# سەرچاوە بۆ کۆچبەرانی نیویۆرک سیتی

## بەبێگوێدان بە بارودۆخی کۆچبەریت، نیویۆرک سیتی لێرەیە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات.

### یارمەتی یاسایی کۆچبەری

**بۆ یارمەتی یاسایی کۆچبەری بێبەرامبەر و پارێزراو** لە ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی، کاتژمێر 9ی پێش نیوەڕۆ تا 6ی پاش نیوەڕۆ.، **پەیوەندی بکە بە 800-354-0365.**

### کارتی ناسنامەی نیویۆرک سیتی(NYC ID)

**بۆ وەرگرتنی IDNYC**، کارتی ناسنامەی بەخۆڕایی شارەوانی بۆ هەموو دانیشتوانی 10 ساڵ و سەرووتری نیویۆرک سیتی داواکاری پێشکەش بکە. بەشێوەی سەرهێڵ نوێی بکەوە یان بۆ دیاریکردنی کات بۆ ناونووسین پەیوەندی بکە بە **311 یان سەردانی nyc.gov/idnyc بکە.**

### پۆلەکانی زمانی ئینگلیزی

لە هەرکاتێک و لە هەر شوێنێکدا **ئینگلیزی بەخۆڕایی** بەکاربێنە. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی **wespeaknyc.cityofnewyork.us** بکە.

### چاودێری تەندروستی

**تەندروستی + نەخۆشخانەکانی نیویۆرک سیتی (H+H)** H+H دەتوانێت چاودێری فریاگوزاری و چاودێری تەندروستی سەرەتایی، پشکنینەکانی پزیشکی، پارێزکردنەکان(بەرگری نەخۆشی هەروەک کوتان)، و زۆر شتی تر دابین بکات. **پەیوەندی بکە بە ڕەقەم تەلەفۆنی (1-844-692-4692) 1-844-NYC-4NYC بۆ ئەوەی ئاراستە بکرێیت بۆ نزیکترین ناوەند لەخۆت. بۆ ناونووسین لە پلانەکانی بیمەی تەندروستیدا، بۆ نموونە پرۆگرامی NYC Care** پەیوەندی بکە بە **646-NYC-CARE (646-692-2273)** یان سەردانی **nyccare.nyc** بکە.

### تەندروستی دەروونی

بۆ پشتگیری بەشێوەی نهێنی و پەیوەندیکردن بە سەرچاوەی تەندروستی دەروونی و مادە بێهۆشکەرەکان، **پەیوەندی بکە بە 888-692-9355 یان 988، یان دەقی WELL بە نامە بنێرە بۆ** 65173یان سەردانی ماڵپەڕی **mentalhealthforall.nyc.gov** بکە.

### بارودۆخی فریاگوزاری

**لە بارودۆخی فریاگوزاریدا پەیوەندی بکە بە ڕەقەم تەلەفۆنی 911.** فریاگوزاری بە هەر بارودۆخێک دەوترێت کە پێویست بە هاوکاری بەپەلە دەکات لەلایەن پۆلیس، یان ئاگرکوژێنەوە یان ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن(اسعاف). **بە گوێرەی یاسا، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس مافی ئەوەی نییە سەبارەت بە دۆخی کۆچبەری قوربانییەکانی تاوان، یان شایەتەکان، یان کەسانی تر کە داوای یارمەتی دەکەن پرسیار بکات.**

### پەروەردەی گشتی

**هەموو منداڵانی تەمەن 4 بۆ 21 ساڵی نیویۆرک سیتی دەتوانن بچنە قوتابخانەی گشتی(حکوومی).** بۆ ناونووسین، سەردامی ماڵپەڕی **schools.nyc.gov/fwc** بکە یان پەیوەندی بکە بە **ڕەقەم تەلەفۆنی 311.**

### سەرچاوەکان و زانیاری گشتی شار

ئایا پێویستە ڕێگەت پێبدرێت سەرچاوەکانی شار بەکار بێنیت یان دەتهەوێت کێشەیەک ڕاپۆرت بکەیت؟ پەیوەندی بکە بە **311** یان سەردانی پۆرتالی **portal.311.nyc.gov** بکە.

NYC 311

### هێڵی تەلەفۆنی کاروباری کۆچبەرانی شاری نیۆیۆرک

لەڕێگەی ڕەقەم تەلەفۆنی **212-788-7654** لە ڕۆژی دووشەممەوە تا هەینی، لە کاتژمێر 9ی پێش نیوەڕۆ تا 5ی پاش نیوەڕۆوە، پەیوەندی بکە بە هێڵی تەلەفۆنی ئێمە، یان بە ناونیشانی **askmoia@cityhall.nyc.gov** ئیمەیڵمان بۆ بنێرە.

**Mayor's Office of Immigrant Affairs** | **نووسینگەی سەرۆکایەتی شارەوانی بۆ کاروباری کۆچبەران**

# سەرچاوە بۆ کۆچبەرانی نیویۆرک سیتی

## بەبێگوێدان بە بارودۆخی کۆچبەریت، تۆ خاوەن مافی و مافت هەیە.

### خۆلادان لە تەزویرکردن لە کۆچکردندا

ئەگەر پێویستت بە ڕاوێژکاری یاساییە لەسەر کۆچکردن، تەنیا سەردانی پارێزەرێکی خاوەن مۆڵەت یان نوێنەرێکی باوەڕپێکراو بکە. دەتوانی لیستی دابینکەرانی باوەڕپێکراو و ناسیاو لە ماڵپەڕی **nyc.gov/immigrants** دا بدۆزێوە.

### بوونی مافەکان لەگەڵ جێبەجێکردنی کۆچبەری

نیویۆرک سیتی یاسای کۆچبەری جێبەجێ ناکات. تۆ دەبێتە خاوەن ماف، ئەگەر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی کۆچبەری فیدراڵی پەیوەندیت پێوە بکرێت. سەردانی **nyc.gov/knowyourrights** بکە یان پەیوەندی بکەن بە هێڵی تەلەفۆنی بەخۆڕایی بۆ یاسای کۆچبەری ئێمە بە ژمارەی **800-354-0365**.

### مافی کرێکاران

بەپێی یاسای نیویۆرک سیتی، مافی مۆڵەتی نەخۆشی بێ بڕانی مووچە، کەمترین مووچە، مووچەی ئیشکردنی پاش دەوام و زۆر شتی ترت هەیە. بۆ وەرگرتنی سەرچاوەکان سەردانی **nyc.gov/workers** یان بکە **212-436-0381** پەیوەندی بکەبە.

### ڕاگەیاندنی جیاکاری

هەراسانکردن و جیاکاری بەپێی یاسای مافی مرۆڤی نیویۆرک سیتی نایاساییە. بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداوێکی جیاکاری، تکایە پەیوەندی بکەن بە **212-416-0197**.

### پاراستن لە ئاست توندوتیژی خێزانی

ئەگەر تووشی خراپ مامەڵەکردن بوویت ئەوە نیویۆرک سیتی لێرەیە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات. دەتوانن سەردانی **nyc.gov/nychope** بکەی یان لەڕێگەی ژمارەی **800-621-HOPE** پەیوەندی بکەی بە هێڵی تەلەفۆنی توندوتیژی خێزانی نیویۆرک سیتی(NYC).

### مافی کرێچی

بۆ هەر کێشەیەکی پەیوەندیدار بە دەرکردن یان خاوەن ماڵەکەت پێویستت بە یارمەتییە؟ بۆ یارمەتی یاسایی بێبەرامبەر سەردانی **nyc.gov/tenantprotection** بکە یان پەیوەندی بکە بە **311** و بڵێ **"tenant helpline"**.

### مافی هەبوونی پەناگە

ئەگەر تووشی بێماڵی بوویت ئەوە تۆ مافی ئەوەت هەیە داوای پەناگە بکەیت. سەردانی ناوەندی وەرگرتنی دیاریکراوی بەشی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەسانی بێماڵ Department of Homeless) (Services, DHS بکە تا دەستت باگات بە خزمەتگوزارییەکانی پەناگە. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە **311**.

### پاراستنی مافی کڕیار

لەگەڵ بزنسێک کێشەت هەیە؟ تۆ وەک کڕیارێک، خاوەن مافی خۆتی لەڕێگەی ماڵپەڕی **nyc.gov/consumers** سکاڵا تۆمار بکە یان پەیوەندی بکە بە **311**.